# پرسیاریک لە نەجیبە خان قەرەداخی

## لە بەشی دەنگ و باسی سورانی تەلەفیزیونی روژ!

عەتا کەرکووکی



*پیش هەموو شتیک من سپاسی ئەم هەمووە فیداکاری و ئەرکە ئەکەم کە لە سەر شانی ئیوەیە. هەروەها سپاسی تەلەفیزیونی روژ ئەکەم کە شوینیکی گرینگی لە ناو میدیای کوردی دا هەیە. من پیم وایە کە کاتی ئەوە هاتوە کە کوردیش هەولی ئەمە بدا کە دەزگای ئیعلاناتی پروفوشیونال و بی لایانی هەبیت، بەلام بە داخەوە هەست ئەکەم کورد زوری ماوە بگاتە ئەم ئاستە. لیرە دا من پرسیاریک ئاراستەی نەجیبە خانی بەریز ئەکەم و ئەپرسم بوچی لە خویندنەوەی دەنگ و باسەکان دا کە موقارنەی بەشی و کرمانجی و سورانی ئەکەم جیاوازی هەیە بە تایبەت لەم شوینانەی پەیوەندی هەیە بەم یادداشتانەی کە هەفتانە بەریز ئوجەلان بە ریگای موحامییەکانی بو دەرەوەی سجنی ئیمرالیان ئەنیری؟*

*من لە گەل ریز و حورمەتم بو ئەم سەرکردە کوردە کە لە زروفیکی ناخوش دایە، تی ئەگەم کە ناتوانی هەموو قسەیەک بە دلی خوی بکات بەلام ئیوە بوچی قسەکانی لە بەشی دەنگ و باسی سورانی دا بە زەوقی خوتان یان بە زەوقی بینەری سورانی زمان ئەگورن؟ ئەوە ماوەیەکە من لە گەل چەند برادەریک کە ئەمانیش شارەزایی باشیان لە کرمانجی و تورکی هەیە هەست ئەکەین کە ناکوکی هەیە.*

*لە بەشی تورکی و کورمانجی دا قسەکانی بەریز ئوجەلان وەکوو خوی باس ئەکری بەلام ئیوە لە بەشی سورانی دا تا ئەم جیگایەی بوتان بکری سەر و گویی ئەبرن و تەنانەت ئەشی گورن. بو نموونە لە زوربەی یادداشتەکانی ئوجەلان دا مەدحیکی باش لە کەمال ئاتاتورک هەیە یان جاری وایە ئەم بەریزە تورکیا وشیار ئەکاتەوە کە دەولەتی نەتەوە شتیکی خەرابە و کوردەکانی عیراق بە تەمان ئیسرائیلیکی تر دامەزرینن. کە چی ئیوە لە بەشی سورانی دا لە بەر ئەوەی دلی خەلکی سوران نەیەشی هەر ئیشارەتیشی پی ناکەن بەلام لە بەشی تورکی و کرمانجی دا بە تیر و تەسەلی باسی لی ئەکری.*

*لیرە دا مەبەستی من بە هیچ شیوەیەک رەخنە لەم سەرکردە بەریزە نییە چونکە زرووفەکەی فەرقی هەیە بەلام بو من میدیایەکی پروفوشیونالی کوردی گرینگە و جیگای پرسیارە کە ئەم ناکوکییە چییە لە بەشەکانی جیا جیای دەنگ و باسی تەلەفیزیونی خوشەویستی روژ دا هەن. ئایا راستییەکان لە زاراوە بو زاراوەیەکی تر فەرقیان هەیە؟*

*بە سپاسەوە - ٢٠٠٧ -٠٧ -٠٦*